بە چاودێری سەرۆک وەزیران گرێبەستی پڕۆژەی دروستکردنی شاری عەلی وەردی واژۆ کرا



بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە واژۆکردنی گرێبەستی پڕۆژەی نوێی شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی بەڕێوەچوو .

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوێکدا باویکردەوە:-سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، واژۆکردنی گرێبەستی پڕۆژەی نوێی شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی بەڕێوەچوو لەلایەن وەزیری نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردن و شارەوانییەکانەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئێرا (ORA)بۆ گەشەپێدانی خانووبەرە نەجیب ساویریس و پڕۆژەکە بە گەورەترین پڕۆژە دادەنرێت لەنێو پێنج پڕۆژەی شاری نیشتەجێبوونی نوێدا، لە قۆناغی یەکەمیدا و لە بەرنامەی حکومەتی ئۆلۆیەتی پێ دراوە بە جێبەجێکردنی.

ئاماژەبۆکرا ,,لە میانەی ڕێوڕەسمی واژۆکردنەکەدا، سودانی وتی کە ستراتیژی چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون کە حکومەت گرتوویەتە بەر ئامادەکردنی ئەو شارانە لە خۆدەگرێت کە بە ژمارەیان خزمەت کراون، هەروەها بەردەستبوونی هەزاران یەکەی نیشتەجێبوونی جیاواز، بە ئاوەڵگەڵ چینە

جیاوازیکانی هاوپاتیاندا بگونجێت و کاردێکات بۆ کەمکردنەوەی فشاری دانیشتوان لەسەر شاری بەغداد و جێختیشی لەوە کردەوە کە ئەم پڕۆژەیە بە یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا بەو قەبارە و توانایە جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش وەک پابەند بوونێک دێت لە بەرنامەی حکومەتدا بۆ دەزینەوەی چارەسەری کێشەیی و بەردەوام بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون.,,

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە ,,سودانی پێزانینی خۆی دەربڕی بۆ ئیدای تیمی شارەزا لە وەزارەتی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە و ئەمینداریەتی بەغداد و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تر کە جێخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ژینگەی وەبەرهێنان لە عێراق ئامادە و سەرنجڕاکێشە بۆ شۆبێکی کاریگەر.,,

لە لای خۆیەوە، ساوەرس ئاماژەی بۆدا کە ئەم هاوبەشییە لەگەڵ عێراق بۆ جێبەجێکردنی شاری نیشتەجێبوونی عەلی وەردی خاکی وەرچەرخان دێبێت لە هەماهەنگی و بەشداریکردن لە تێوانینی پڕۆژەکان و داهێنەر بۆ جێبەجێکردنی شارە نیشتەجێبووەکان، کە هاوسەنگی نێوان پێداویستی ژینگەیی و دانیشتوان لەبەرچاو دەگرێت.

جێی ئاماژەیە پڕۆژەی شارە نوێیەکە کە ناوی کەمەناس و بیرمەندی کێچکردووی عێراقی دکتۆر عەلی وەردی لەخۆدەگرێت، لەسەر ڕووبەری 61 ملیۆن مەتر چوارگۆشە دەست پێ دەکات و دەگاتە باشوری ڕۆژهەڵاتی بەغدادی پایتەخت و 120،000 یەکەی نیشتەجێبوونی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت، جگە لە دامەزراوەکان و ڕووبەری سەوزایی و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای شار بە مەبەستی جێبەجێکردنی ستانداردە پێشکەوتووەکان لە بواری بەردەوامی و پاراستنی ژینگەدا.

هەروەها ساوەریس و کەمپانیای ئیرا یەکێکن لە بەناوبانگترین کەمپانیاکانی بواری گەشەپێدانی خانووبەرە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و گرێبەست کردن لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی حکومەتدا دێت بۆ تێواوکردنی هاوبەشی سەرکەوتوو لەگەڵ کەمپانیا پێشکەوتووەکان و ئەو بازرگانانەی کە بە کوالێتی جێبەجێکردن و شارەزایی ناسراون.